# باخچە و گوڵ و گوڵزار لە دیکۆریماڵەکەتدا

هەمیشە باخچە و بۆنی گوڵ و گوڵزار لە هەر شوێنێك بێت، مایەی ئارامی دەروون و حەسانەوە و پشوودانە، کاتێك چاوت بە باخچەیەك، یان شوێنێکی پڕ گوڵ دەکەوێت، یان سەردانی باخچە و پارکێك دەکەیت، ئارەزووت دەبێ ئەو باخچە و پارچەیەك لەو پارکانەت لە نێو ماڵەکەشدا هەبێت، بەڵام خۆ دەتوانی ماڵەکەت هاوشێوەی باخچە و پارکەکان لێبکەیت، تەنیا چەند هەوڵ و کۆششێکی پێویستە و لێرەوە ئاشنایان بە:

دەتوانی هەر پارچەیەکی ماڵەکەت بکەیتە باخچەیەکی بچووك، بە دانانی مەرکان و گوڵدان، هەروەها ئەوانەی خانووەکانیان بچووکن، دەتوانی بەشی پێشەوەی ماڵەکەت یان بالکۆنەی قاتی دووەم وەك باخچەیەکی بچووکی لێبکەیت. هەوڵبدە کەرەستەکانت لەو کەرەستانە بێت کە دەچەمێندرێتەوە، بۆ ئەوەی بتوانی کەل و پەلەکانت بچەمێنێتەوە و گوڵ و مەرکانەی لەسەر دابنێیت. ئەوانەش خاوەن باخچەی خۆیانن، دەتوانن پەرە بە جوانکردن و دەوڵەمەندکردنی باخچەکەیان بدەن و زیاتر رازاوەی بکەن، چونکە باخچە و گوڵ و گوڵزار، جگە لەوەی دیکۆری ماڵ جوان و رازاوە دەکەن، هەروەها کەشێکی هێمن و فێنکیش دروست دەکەن.



# ماکیاژی بەیانیان لە چەند هەنگاوێکدا

هەموو ئافرەتێك، کۆمەڵێك ئامادەکاری و خۆڕێکخستنی پێویستە تا بەیانی ئامادەی چوونە سەر کار، یان دەوام و زانکۆ دەبێت، بە تایبەت ئەوانەی خاوەن پیشەیەکن، یان دەخوێنن، هەمووشیان ماکیاژ دەکەن، ئەوەش ماوەیەکی زۆری دەوێ و ئەوانیش لەوانەیە ئەوەندە کاتەیان لەبەردەست نییە، بەڵام ئەم هەنگاوانە ئاسانکاری باشیان بۆ دەکات، تۆی خانمیش دەتوانی رەچاویان بکەیت:

- بەر لە پۆشینی جلەکەت، ماکیاژت بکە، چونکە رەنگە هەندێ جار جلی دەرچوون و دەوامت پۆشیوە و کەچی لە کاتی ماکیاژدا، بۆیە و فڵچەی بەردەکەوێت و پیس دەبێت.
- ئاسایی نییە ئەگەر بڕێکی زۆر لە ماکیاژ بەکاربهێنیت، کە شێوەت تێکبدات بۆیە و دەرمانی زۆر بە سەرچاو و رووخسارەوە دەربکەوێت، بەڵکو با ماکیاژەکەت بە سادەیی بێت.
- هەوڵبدە بۆیە و رەنگی هەمەجۆر بەکاربهێنیت، چونکە رەنگەکان لە بەیانیاندا جوانتر و گەشاوەتر دەردەکەون، ئەگەر رەنگیش لە کوڵمەکان و لێوان و مل و بەرۆکت بدەی، جوانتر دەردەکەویت.
- قەڵەمی ونکردن بۆ شاردنەوەی وردە خاڵ و زیپکە بەکاربهێنە، بە تایبەت بۆ ژێر چاوان، کە بەیانیان بەهۆی خەوەوە چرچ و لۆچی پێوە دیار دەبێت.
- رەنگی برۆنزی، بکە بە رەنگی ئەساس کە گەشانەوە بە رووخسارت دەدات، بە تایبەت کاتێك لە هەردوولای دەم وچاوت بە برۆنز رەنگ کرابێت.
- ماسکاراش لە بیر مەکە، کە ئەوەش بە دوو جارەوە لەسەر برژانگەکانت بکە، هەروەها جوانکردنی کولمەکان و برۆ و سووراویش با دواهەنگاوەکانی ماکیاژەکەت بێت.





# ئاشنای ڕێگەی دروستی بۆیە لێدانی نینۆک بە

بۆیەکردنی نینۆك، پێویستی بە زانایی و زیرەکی هەیە، هەر ئەوە نییە بۆیە
بە دەست بگریت و لە نینۆکەکانتی بدەیت، ئیدی ڕەنگ و نەخشی نینۆکت
تێکدەدەیت و بەو ئەنجامە ناگەیت کە خۆت مەبەستتە، چونکە ڕێگەی ڕاست
و دروستی بۆیەکردن لەم چەند خاڵەی خوارەوەن، تۆش دەتوانی بە پەیڕەوکردنی
ئەو هەنگاوانە و بە فڵچە بچووکەکەت نەخش و ڕەنگێکی جوانی بۆیە بۆ
نینۆکەکانت بکەیت:

بۆیەی کۆن بە جوانی لێی بکەرەوە تا کاریگەری نەبێت لەسەر بۆیەی تازە،
هەوڵبدە ڕۆنی دەست لە دەستەکانت بدەیت و نینۆکت نەرم بکاتەوە و ئامادە بێت
بۆ بۆیەکردن، کە ماوەی تەنیا (٢٠) خولەکی پێویستە. سەرەتا بۆیەی ئەساس
بە کراوەیی لێبدە، تا وشك دەبێتەوە، چونکە ئەو ئەساسە دەبێتە بناغەی
سەرەکی بۆیەکە و لێبوونەوەشی ئاسان نابێت. دوای ئەو بۆیەی ئەساسە بۆ
ماوەی (١٠) خولەك چاوەڕێ بکە تا وشك دەبێتەوە، ئینجا بەشی دووەمی
بۆیەکە لە پەنجەکانت بدە، کە خۆت شێواز و نەخشت بۆ هەڵبژاردوون، دواتر
پێویستە (١٥) خولەك چاوەڕێ بکەیت تا بە جوانی وشك دەبێتەوە، ئەو کاتە
دەزانی بۆیەکەت چ ئەنجامێکی دەبێت.

## ئایسکرێم و کێک و شیکۆڵاتە بە زێڕ

لەم کەشە گەرم و هەتاو بەتینەی هاوینەدا، چ لە ئایسکرێمێك، یان مۆتایەکی سارد بەتامتر نییە، چونکە کاتێك نۆشی دەکەیت لە گەرووتەوە تا ناو گەدەت فێنك دەبێتەوە، ئەی ئەگەر تەنیا ئایسکرێمێکت بۆ بێنن و بڵێن نرخەکەی (١٠٠٠) دۆلارە، واتە (١٠) وەرەقەیە، دڵت دێت بیخۆیت؟! گرانی ئەو نرخە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئێستا ئایسکرێم و کێك و شیکۆڵاتەی داپۆشراو بە زێڕ دەرکەوتووە، وەك لە هوتێلی (سیراجان پالاس) لە شاری ئیستانبوڵ، جۆرە کێکێك پێشکەش دەکەن و لە هەنجیر و خۆخ دروست کراوە، هەروەها سەرەوەی بە ڤانێلا و کرامێل ئامادەکراوە، سەرەوەشی بە زێڕی عەیار (٢٤) رووپۆشراوە، لە شاری نیویۆرکیش لە چێشتخانەی (کوپ کریستاڵ)، ئایسکرێم بە زێڕ هەیە، کە ئەویش لە ڤانێلای تاهیتی و شیکۆڵاتە و بەرگی زێڕ ئامادە دەکرێت و دەتوانی زێڕەکەش نۆش بکەی و بەبێ ئەوەی زیانی هەبێت. لە شاری ئەتلانتیك لە ویلایەتی نیوجێرسی، چێشتخانەیەك بە ناوی (براونی ئیکسترا)یە، ئەویش جۆرە شیکۆڵاتەیەك ئامادەی میوانانی دەکات، کە لە بندقی ئیتاڵی و زێڕ ئامادە دەکرێت، هەر یەکە لەو کێك و ئایسکرێم و شیکۆڵاتەیە نرخیان بە (١٠٠٠) دۆلارە.





## شتڵە تەماتە بە دارەوە

وەك دەزانین شتڵە تەماتە زیاتر لە ژێر زەوی و لەسەر ئاستی زەوی دەڕوێت، چونکە رواندنی تەماتە پێویستی بە ئاوی زۆرە و دەبێ هەردەم بڕە ئاوێکی زۆری لەسەر بێت، بە تایبەت لەو کاتەی شتڵە و تا گەشە دەکات و دەبێتە رووەك، بەڵام ئەوەی دەیبینن شتڵە تەماتەی باڵدارە و لە ئاسمانەوە دەڕوێت، واتە لە جیاتی تەماتە لەسەر زەویدا بڕنی، لەسەر دار و بەرزایی لێی دەکەیتەوە. ئەو دارە تەماتە بە (ئەختەبووت) ناسراوە، کە لە شێوەی گیانداری ئەختەبووت دەڕوێت، بڕێکی زۆریش تەماتە دەگرێت. ئەو جۆرە شتڵە تەماتەیە تەنیا لە وڵاتانی باشووری ئەمریکا و مەکسیك دەڕوێت، بەرەو بەرزی نێوان (١ تا ٣) مەتر بەرز دەبێتەوە، هەر تەماتەیەکی کە دەیگرێت لە (١٠٠) گرام کەمتر نییە، تەماتە یەکێکە لە میوەکان و لە جۆری (سۆلانیۆم لایکۆپێرزیسۆم)، وەك خواردنێکی رۆژانە و لەگەڵ هەموو خواردنێکی دیکەشدا دادەنرێت. ئەو شتڵە باڵدارانەی تەماتە لە نمایشگایەکدا روێندراوە، کە دەکەوێتە شاری (والت دیزنی وۆرلد)ی فلۆریدای ئەمریکا.



# ئاش لە ژیانی کوردەواریدا

جاران ژیانی خەڵك ئەوەندە ئاسان و سادە نەبووە، وەك ئەوەی لە ئێستادا بەدی دەکرێت، بەڵکو ڕۆژانەی ژیانیان پڕ ڕەنج و کۆشش و ماندووبوون بوو، تەنانەت زۆربەی ماددە و کەرەستەکانی خواردن خۆماڵی بوون و بە دەستی خۆمانە دروست و ئامادە دەکران، ئەو خواردنانەش وەك: ئارد، ساوار، گەنمەکوتاو، بڕووش، نیسك، هەموو ئەوانە لە ئاش چێ دەکران. لە ساڵانی چل و تا شەستەکان ئاشی ئاوی هەبوو، کە بە ئاو کاری دەکرد، لە سەرەوەی ئاشەکە جۆگەلە و سەرنشێوی ئاویان دروست دەکرد، تا ئاوەکە بەهێزتر شۆڕبێتەوە و پاڵ بە باڵەکانی ئاشکەوە بنێت و بە کاری بخات، دواتر ئاشی مەکینە دەرکەوت، ئەوەشیان بە نەوتی ڕەش کاری دەکرد، دواتر توانییان سوود لە کارەبا وەربگرن وەك سەرچاوەی هێز بۆ ئاش. ئەو بەروبووم و دانەوێڵەی دەبردێتە ئاش پێدەگوترێت باراش، کە لەو باراشە چەندین خواردنی دیکەیان ئامادە دەکرد، سەرەکیترینیان لێکردنی گەنمە تا ببێتە ئارد. ئاردی سادە و ئاردی سفر هەیە، ئاردی سفر ئەوەیە کە بەرگی گەنم زیاتر سپی دەکرێت و ناوەوەی گەنم بە جوانی پاك دەکرێت و یان بە دووجار لێدانەوە ئیدی دەبێتە ئاردی سفر، گەنمەکوتاو یەکێکە لە خواردنە هەرە خۆشەکانی کوردەواری، دوای ئەوەی گەنمیان دەهێنایە ئاش، ئاشەوانیش بە ئامێری (هەباشە)، گەنمەکەی سپی دەکرد و دەبووە گەنمەکوتا، بڕووشیش هەمان شێوەی گەنمەکوتاو بە هەباشە سپی دەکرێت و پاشان بە ئامێری (جاڕووشە) ورد دەکرێت. بەڵام لێکردنی ساوار جیاوازە، چونکە دەبێ سەرەتا گەنمەکە بکوڵێندرێت دواتر بە هەباشە و جاڕووشە دەکرێتە ساوار. ئەوەی دەمێنێتەوە لە پاشماوەی لێکردنی ساوار و برووش پێدەگوترێت (کەپەك)، کە بە بەرگی دەنکە گەنمەوە دروست دەبێت، کەپەکیش بۆ ئاژەڵ و مەڕ و ماڵات و گیانداران بەسوودە.



# جلی بووکێنی بۆ خۆی دروست دەکات

کچان هەمیشە بیر لە ڕۆژی زەماوەند و ئاهەنگی هاوسەری خۆیان دەکەنەوە، بە تایبەت ئەوانەی لە ماوەی دەستگیرانیدان، کە هەردەم هەوڵدەدەن جلێکی جوان و کراسێکی نایاب لە جوانیدا بۆ خۆیان هەڵبژێرن، بەڵام کەسیشیان بیریان لەوە نەکردۆتەوە ئاخۆ کراسێك پڕ بە دڵ و هەستی خۆی بدوورێت و ئامادەی بکات، بەڵام ئەو کچە هیندستانییە ئەو کارەی کردووە، ئەو کچە ناوی (کریشا باجاج زاڤیری)یە و تەمەنی (٢٦) ساڵە، دوای ئەوەی لە ماوەی دەستگیریانیدا زۆر ماندوو دەبێ لە گەڕان بە دوای کراسێکی بووکێنی لە ڕەنگی (سپی و زێڕین)، بەڵام دەستی ناکەوێت، بە تایبەت ئەوەی خۆی بە دڵیەتی، هەر بۆیە بۆ ماوەی دوو مانگ هاوسەرگیرییەکەی دواخست، تا کراسێکی جوانی بۆ خۆی نەخشاند و دروستی کرد. بیرۆکەکەشی لە زنجیرەیەکی تەلەفزیۆنی بە ناوی (Real Housewives of Beverly Hills)، وەرگرتووە، خەون و ئاواتەکەی هێنایەدی و چاوی لە دەستی کەسی دیکەش نەبوو، لە ڕۆژی ئاهەنگەکەشیدا، بە جوانترین شێوە و وەك بووکێکی جوان و شاز دەرکەوت.

## پەند و وتە



**- هێلین کیللەر، خانمە ئەدیب و ڕۆشنبیر و وانەبێژی ئەمریکی دەربارەی هەڵسوکەوت و هەست دەڵێ:**

ڕەنگە زانست چارەسەری بۆ زۆربەی کێشە و گرفت و دیاردەکان دۆزیبێتەوە، بەڵام تا ئێستا وێڵە و ناتوانێ چارەسەری خراپترین کێشەی مرۆڤ بکات، کە ئەوانیش فەرامۆش کردن و لە دەستدانی هەست و هزر و بیرکردنەوەیە لەلای زۆربەی مرۆڤەکان.

## نوکـــتە

- جارێکیان کەسێك دەسووتێ و کۆمەڵە کەسێکیش دەیکوژێننەوە، دوای ئەوەی دەیبەن بۆ نەخۆشخانە و دکتۆر فەحسی دەکات، هەموو گیانی شکاوە و ورد بووە، دکتۆرەکە دەڵێ: ئەوە سووتاوە ئەی بۆ هەموو ئێسقانی ورد بووە و شکاوە؟ ئەوانیش دەڵێن: دکتۆر ئاو نەبوو بە خاکەناس ئاگرەکەمان کوژاندەوە!




## کاریکاتێر

- لەم کاریکاتێرەدا، باس لە بچووکەکان دەکات کە وانە و شت لە گەورە و حەکیمەکان فێرببن، ئەوانیش وەك کتێبێکی گەورە و پڕ زانیاری و زانستن.



# مانگی هەنگوینی بە تەنیا





نەبووە و ناشبێت کە مانگی هەنگوینی بە تەنیا بەسەر ببەیت، چونکە سەرەتای ژیانێکی تازەی نێوان هاوسەرانە، لەو مانگەدا هەموو چرکە و سات و خەو و خواردنیان وەك هەنگوین دەبێ، بەڵام ئەوەی بەسەر ئەو کچە پاکستانییەدا هات، بەرێ کردنی مانگی هەنگوینی بوو بە تەنیا، ئەو کچە ناوی (هۆما)یە، دانیشتووی وڵاتی پاکستانە، ئێستا لە بەریتانیا نیشتەجێیە و دوای ئەوەی هاوسەرگیری لەگەڵ کوڕێکی وڵاتی خۆی پاکستاندا کرد، بڕیاریان دابوو کە بە یەکەوە مانگی هەنگوینیان لە وڵاتی یۆنان بەسەر ببەن، دوای ئەوەی دەچنە ئەو وڵاتە و بەهۆی کێشەی ڤیزەوە


## مۆدی وێنە دانان لەسەر ڕووخسار



جاران لە هەموو ماڵێك ئەلبوومی وێنە هەبوو، کە سەدان وێنەی خێزانی و تایبەتی تێدا بوون، ماوە ماوە دەریان دەهێنا و سەیریان دەکرد، تا یادگارییەکانی پێشوویان بهێننەوە بەرچاویان، ئەوەش یادگارییەکی خۆش بوو نێوان ئەندامانی ماڵ، ودایارە ئەو کچە کۆرییەش ئەم حاڵەتەی بیرنەچووە و لە ئێستادا کردوویەتی بە مۆدێکی جیاوزاتر و سەیرتر، کە وێنەی کەسی و تایبەت لەجیاتی لە نێو ئەلبوومدا بێت، بەڵکو لەسەر ڕووخساری کەسەکان دەنەخشێنێت و چاپی دەکات، ئەو کچە ناوی (داین یۆن)ە، ئەو کارەش لە ڕێگەی ماکیاژ و چاپکردن و وێنەکێشانەوە دەیکات، ئەوانەی نیازیان وایە وێنەی خۆیان، یان کەسێکی خۆشەویستییان هەڵگبرن، دەتوانن لەسەر سەر و چاویان بیکێشن.

## فێلکاری وێنە

- لەم وێنەیەدا زەرافەیەك دەبینن، هەوڵبدە بزانە ئەوە دوو زەرافەیە یان یەکێکە و ملی چەماندۆتەوە !




## یاری پیت

هەوڵبدە پیتەکان ریز بکەیت، تا ناوێکت بۆ دەردەچێت:

پ ن ە ا س

ئاسانکاری : پیشەیەکی کوردەوارییە!




هاوسەری ئەو کچە ڕەت دەکرێتەوە، ئیدی هۆما، هەر خۆی تەنیا مانگی هەنگوینی لەو وڵاتە بەڕێ کرد، چەندین وێنەی گرتووە کە وەك ئەوەی هاوسەرەکەشی لەگەڵیەتی، لە زۆربەی وێنەکانیش بێزار و نیگەران و چاو بە گریانە.



# تابلـــــۆ

- شەقامی شار

تابلۆیەکی نایابی گەورە وێنەکێشی ئینگلیزی (ستانهۆپ ئەلێکساندەر)ـە کە لە ساڵی ((١٨٦٧) لەدایکبووە. ئەو باوکێکی ئیرلەندی و دایکێکی فەڕەنسی هەبووە و دوای ئەوەی دەچێتە ئینگلتەرا بۆ خوێندنی وێنەکێشان لە ئەکادیمیای شاهانە، دواتر بەرەو فەڕەنسا کۆچ دەکات و لەوێش ماوەی (٢) ساڵ دەمێنێتەوە، ئەو وێنەیەی لە ساڵی (١٨٨١) کێشاوە، کە باس لە شەقامێك دەکات، وەك گوزارشتێك لە ژیانی سرووشتی ڕۆژانەوە، وێنەکە بە تابلۆی زەیتی دادەنرێت و بە درێژی (٦٤) سەنتیمەتر و پانی (٤٢) سەنتیمەترە، ستانهۆب لە ساڵی (١٩٤٧) کۆچی دوایی کردووە.




## کاوڕ

هەردەم بە دوای ئەنجامی ئەو هەوڵانەتدا بە کە ماوەیەکە کارت لەسەر کردوون. خاوەنی بیرۆکەی جوانی بۆ کارەکانت، بەڵام ڕێگریت لێدەکرێ، بەڵام بێزار مەبە. لەگەڵ کەسانی نزیکتدا ڕاوێژ بکە و هەوڵبدە بە نەرمی مامەڵەیان لەگەڵدا بکەیت، تا باشتر لە یەك تێبگەن.



## شایان

ناکۆکییەکانت لەگەڵ کەسانی نزیکت بەلاوە بنێ و بیر لە کارەکانت بکەوە و هەنگاوەکانت دەست پێبکە، هەوڵەکانت فەرامۆش مەکە و لەسەریان بەردەوام بە. ئەو کەسەی ماوەیەکە کێشەت بۆت دروست دەکات، هەر خۆی پەشیمان دەبێتەوەو بۆت دەگەڕێتەوە.




## گا

خەیاڵت بەرەو لایەکی دیکەی ژیانت ڕۆیشتووە و لەگەڵ ڕاستەقینەدا نیت، وەرەوە سەر ژیانی خۆت و هەوڵی ڕێکخستنەوەی بدە. ماوەیەکی دیکە کۆمەڵێك گرفت سەرهەڵدەدەن، مەشڵەژێ و هەوڵی چارەسەریان بۆ بدە، کەسایەتیت لە ئاستێکی بەرزە تا بەرگری لە خۆت بکەیت.




## دووپشک

خەمی ڕابردووت با لەگەڵ ڕابردوو بڕوات و بیریان لێی مەکەوە، تیشك بخە سەر ئێستا و داهاتووت، خەریکی کارێکی گرنگی و بەردەوام بە لەسەری، ئەو ماوەیە بە کاتێکی ناخۆش تێپەڕێ و بێزاریت پێوە دیار بوو. کەسێکی نزیکت نیازی هاوکاری تۆی هەیە و ڕێگەی بدە.



## جمک

خەم لە داهاتووت مەخۆ و بەرەو ڕێگەی باش و چاك دەڕۆی، هەنگاوەکانت بە جوانی بەڕێ دەکەیت و کەسانی دەوروبەریش لێت ڕازین، تەنیا کەسێك نەبێ کە هاوسۆز و هاوخەمی تۆیە و هەمیشە تۆی لە دڵە، تۆش ئاگاداری بە و لە دەستی مەدە، کەسێکی شیاوە بۆت.




## کەوان

هەموو هەنگاوەکانت لە یەك کاتدا جێبەجێ مەکە، چونکە ناتوانی کۆنترۆڵی هەموویان بکەیت. هەوڵبدە دوو، یان سێ کاریان پێکەوە بکەیت. دڵت گەورەیە و لەو کەسە خۆش بە کە هەڵەی بەرامبەرت کرد، تۆش بە جوانی بڕیار بدە و بە هێمنی بیر بکەوە و هەنگاو بنێ.




## قرژاڵ

خۆت لە ئاواتەکانت بێبەش مەکە و کاری خۆت جێبەجێ بکە و ئەوەی لە دڵتە جێبەجێ بکە، کەسێکی دیاری لە نێو کەسانی دەوروبەر و ئەوانیش دەزانن تۆ چیت لە مێشکە، هەوڵبدە ئەوانیش تێبگەن و بە هەڵە بیر نەکەنەوە، لە بواری هەستەوە ماوەیەکە دڵت فەرامۆش کردووە.



## گیسک

پەلە مەکە لە بڕیاردان و ئەوەی هەتە پارێزگاری لێی بکە. هەموو هەنگاوەکانت مەخە ناو کارێك و با لە دەستت نەچێ، خەمی داهاتووت زۆرە و ئەوەش پێویست ناکات ئەوەندە لێی ورد ببیتەوە، هاوخەمێکت هەیە، بەڵام خۆی دەرناخات و پێویستە بیناسی و بزانی چەندە بۆت گرنگە.




## شێر

خەم بە کەسانی دیکە مەدە و ئەوەندەش گرنگییان پێمەدە، چونکە بە هەڵە لێت تێدەگەن، بە ئاسایی مامەڵە بکە و سادە بە لە ڕەفتارەکانت، کەسێکی نزیکت دەیەوێت لێت نزیك بێتەوە، بەڵام لەوە دەترسێت نەوەك وەڵامێکی باشی دەستنەکەوێت، خۆت دەزانی کێیە و یارمەتی بدە.




## گۆزە

هەستی جوانت هەیە بۆ کەسانی دەورەبەرت، بەڵام با زیاتر بۆ یەك کەس بێت و لەگەڵ ئەو هاوسۆز و نزیك بە، کەسێك نیازی وایە لە دڵت نزیك ببێتەوە، بەڵام ڕێگەی مەدە. خەریکە کێشەکانت بەرەو چارەسەری دەچن وتۆش پشوویەك بدە، ماوەیەکە زۆر ماندوو بوویت.



## گوڵەگەنم

بڕیاری یەکجاری مەدە و هێمن و لەسەرخۆ بە، کەسێکی ژیری، بەڵام زۆر جار بەهۆی بڕیاری هەڵەوە دەکەویتە ناو کێشەوە و پاشان پەشیمانی داتدەگرێت، بۆیە هێمن و لەسەرخۆ بە. ئەو ماوە خۆت بە ڕەشبینی دەبینی، وا باشە ئەو هەستە لە دڵت دوور بکەیتەوە.



## نەهەنگ

تێنەگەیشتن لە نێوان خۆت و کەسێکدا هەیە و باشترە لەگەڵی دووبارە قسە بکەیتەوە و زیاتر یەك بناسن، تا ئەویش بە جوانی لێت تێبگات، کەسێکی نزیکت کێشەی هەیە و پێویستی بە تۆیە، یارمەتی بدە و لە داهاتوودا بۆت قەرەبوو دەکاتەوە، هێمن و لەسەرخۆ بە.